EUROPEAN UNION

المساعدة والمشورة

EUAM IRAQ



# پێکەوە بەرەو عێراقێکی جێگیر و پارێزراو



## ئەرکی راوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق

## دەربارەی ئێمە



یەکێتیی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠١٧ لەسەر داوای حکومەتی عێراق هەڵسا بە دامەزراندنی دەستەیەکی ڕاوێژکاری ئاسایشیی مەدەنی ”دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق(EUAM)“ بۆ پشتیوانیکردن لە **پرۆسەی چاکسازی لە کەرتی ئاسایش بە ڕابەرایەتی و خاوەندارێتی عێراق** بەرەو سەقامگیری و ئاشتییەکی بەردەوام.

ڕێبازی کاری دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق (EUAM) بریتییە لە **توانادان و بەهێزکردنی بەشداری ژنان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ** بۆ بەرەودان بە پەرەپێدانی کاری **دام و دەزگا ئاسایشییەکان تا بە شێوەیەکی کاریگەر، گشتگیر و لێپرسراوانە** لە خزمەتی دانیشتووااندا بن.

### پوختەیەک دەربارەی دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق



- **بەرواری دامەزراندن:** تشرینی یەکەم ٢٠١٧
- **ماوەی ئەرکی ئێستا:** ٣٠ نیسان ٢٠٢٤ بۆ ٣٠ نیسان ٢٠٢٦

**ستاف**
نێودەوڵەتی: ٨٥
ناوخۆیی: ٣٢

**سەرۆکی دەستە**
ئاندرێس ویبێرگ

**شوێن**
بەغداد & هەولێر



## هاوبەشەکانمان

**هاوبەشە سەرەکیە عێراقییەکان** بریتین لە وەزارەتی ناوخۆ، دەزگای ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانی و هەروەها دەستە و دامەزراوە و ڕێکخراوە سەرەکییە دەوڵەتی و نادەوڵەتیەکانی تر کە پەیوەندییان بە چاکسازیی کەرتی ئاسایشی مەدەنییەوە هەیە.

بارەگای سەرەکی دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق **دەکەوێتە شاری بەغداد**. هەروەها **ئامادەیی هەرێمیشمان هەیە لە هەولێر**، پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق. سەرەڕای ئەوە، دەستەکە کاری هاوبەش و چالاکی لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ئەنجام دەدات بۆ باشترکردنی شێوازی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لەسەر ئاستی فیدراڵی.



## شێوازی کارکردنمان




ڕاوێژکارە ستراتیژییە باڵاکانی EUAM لە عێراق لە کۆمەڵێک وڵاتی جیاوازی یەکێتی ئەورووپاوە هاتوون بۆ کارکردن لەگەڵ دەستەکە و خاوەنی ئەزموونی پیشەیی بەرچاون لە بواری پسپۆڕییەکانی خۆیاندا. ئەندامە عێراقییەکانی دەستەکە بە پێشینەی پیشەیی و زانیاری ناوخۆییان، توانادارمان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی هاوبەشییەکی نزیک لەگەڵ هاوبەشە عێراقییەکان.

کارەکانمان زیاتر لە ڕێگەی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی و خولی ڕاهێنان و گەشتی مەیدانی ئەنجام دەدرێن و هەروەها ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی یەکێتی ئەورووپا دەکەین.








## ئەو بوارانەی کاری تێدا دەکەین

دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەورووپا لە عێراق بنەمای خاوەندارێتی ناوخۆیی پەیڕەو دەکات و ڕاوێژکاری و هاوکاری ستراتیژی لە کۆمەڵێک بواری بەرفراوانی پەیوەست بە ئاسایشەوە پێشکەش دەکات کە لەلایەن هاوبەشە عێراقییەکانەوە بە بواری لەپێشینە دەستنیشانکراون:


### بوارە بابەتییە لەپێشینەکان

- ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی
- هەماهەنگی لە بواری چاکسازی کەرتی ئاسایش
- یاساداناني پەیوەست بە ئاسایشی نیشتمانی
- فەرماندەیی و کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان
- بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان
- پاراستنی کەلەپوری کەلتووری
- مافی مرۆڤ و بەشداریکردنی ژنان
- بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، تاوانی ڕێکخراو، توندڕەویی توندوتیژ
- بەڕێوەبردنی گشتگیری سنوورەکان

## ڕۆڵـی دەسـتەی ڕاوێـژکاری یەکێتـی ئەوروپا لـە عێـراق لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی هاوبەشـی ئاسـایش و بەرگـری یەکێتـی ئەوروپا (CSDP)

دەسـتەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق یەکێکە لە دەسـتە مەدەنییەکانی سیاسـەتی هاوبەشـی ئاسـایش و بەرگـری یەکێتـی ئەوروپـا. ئـەم سیاسـەتە هاوبەشـە ڕێگـە بـە یەکێتـی ئەوروپا دەدات کـە ئامـرازە مەدەنـی و پۆلیسـی و سـەربازییەکان بەکاربهێنێـت بـۆ ڕوماڵکردنـی تـەواوی بوارەکانـی **خۆپاراسـتن لـە قەیرانـەکان، بەڕێوەبردنـی قەیرانـەکان و چاکسـازی دوای قەیرانەکان بە مەبەسـتی بەهێزکردنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی.** بـە بەشـداریکردن لـە بـەرەودان بـە سـەقامگیری ناوخۆیـی و هەروەهـا ناوچەیـی، دەسـتەکانی CSDP، چ مەدەنـی و چ سـەربازی، ئامانجیان ئەوەیە کـە لەکۆتاییدا ڕۆڵیـان هەبێت لە باشـترکردنی ئاسایشـی ئەوروپاشـدا.

### کارەکانی یەکێتی ئەوروپا لە بواری ئاسایش و بەرگری لە سەرانسەری جیهان.




## دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق و ڕێبازی کاری گشتگیر



ئامانجی ڕێبازی کاری گشتگیری یەکێتی ئەوروپا بۆ ململانێ و قەیرانە دەرەکییەکان **بەهێزکردنی ئاسایشی مرۆییە بە سوودوەرگرتن لە هەموو ئامرازە پەیوەندیدارەکانی یەکێتی ئەوروپا و ئامرازە سیاسەتییەکان.**



بەم شێوەیە، **دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق لە نزیکەوە هەماهەنگی دەکات لەگەڵ شاندی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق و باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و دام و دەزگاکانی تری یەکێتی ئەوروپا** بۆ یەکخستنی هێزەکانمان و سود وەرگرتن لە کاری هاوبەش بۆ هاوکاریکردنی دامەزراوە عێراقییەکان و زەمینە سازکردن بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی دامەزراوەیی.



**نموونەیەک لە ڕێبازی کاری گشتگیرمان بریتیە لە پرۆگرامی دادپەروەری لە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر (CT JUST).**

ڕاهێنانێکی گشتگیرە بە ئامانجی بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی تواناکانی ستافی وەزارەتی ناوخۆ لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. ئەم هەوڵە لەلایەن خزمەتگوزاری کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە سەرپەرشتی دەکرێت و لەلایەن دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق و شاندی یەکێتی ئەوروپا ڕێکدەخرێت...

www.euam-iraq.eu

EUAM Iraq

Copyright © 2024 EUAM Iraq All rights reserved